نالی وەک شاعیرێ داهێنەر و شیعرەکانی وەک دەقێ فرە ڕەهەند

کامیل شەریف پوور
(سەقز)

نالی ئەو شاعیرە بیرمەندە، یان ئەو بیرمەندە شاعیرەیە کە توانی بە مامەڵەیەکی ورد و هەستیارانە لەگەڵ زماندا و دواتر بە دروست کردنی هێڵێکی پێوەندی لە نێوان هەست و نەستیدا دنیایەکی تایبەت بەخۆی بخوڵقێنێ، نالی شاعیرێکی داهێنەر و بلیمەتێکی بڵاوی دنیای دەق، یان بە واتایەکی تر فرەڕەهەند و فرە ڕازە کە بە خێرایی خۆی بە دەستەوە نادا، بەردەوام کەرویشکەی نازی گوڵە مێلاقە چەتیو دەخات و ڕازی نازی کارامزی سڵ و سرکیش دەتۆرێنێ، ڕایەک ڕاڕایی ڕێ ڕێ دەکا و لایەک هەژموونی کێبەرکێیەکی قوولّی داهێنان لای بەرانبەرەکەی دەڕەخسێنێ، بارت گوتەنی؛ نالی لە زۆر شوێندا بە دەق بوونی (متنیت) بەرهەمی لا گرینگە و زۆر بە حەسرەتەوە خوێنەری درِو لە هەمان کاتدا قوولّ و بە هێزی ئاواتە و کلایە و تووڕەیە لە خوێنەری زەبەلاح و دەسەوسان.

عومرێکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم
زۆرم وت و کەس تێ نەگەیی، ئێستە خەمۆشم

یان:

بەحری غەزەڵم پڕ لە دوڕ و گەوهەرە ئەما
غەواسی ئەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە

نالی قەت خۆی بەسەرخوێنەردا نەسەپاندووە؛ بەڵکو تا توانیویەتی ململانێی مانەوەی کردووەو لە هەمان کاتیشدا دەرەتانی بێ پەڕی داوەتە خوێنەر تا زەق زەوقی بە کاربێنێ و تا هیچ کات هیچ کامیان نەبنە چەقی نەگۆڕ، بەڵکو پرژتر بن لە هەر بڵاوێکی دەست لەملان، زۆرجاران خوێنەر چێژێ ڕەبەن لە شیعرەکانی وەردەگرێ و بڕێ جاریش سەرخۆش و هەست بە مەستییەک دەستی پێ دەدا کە ڕەنگە (نالی)ش نەبێتە سنوورێک و هەزار، هەزار هەر داهێنان لەمپەری داهێنانی ڕابردوو، هەروەها داهاتووی پانتایی دەق بن، من و تۆ و ئەوی تر بێ یەکتر دەرەتانی مانەوەمان بە قەد خۆمانە، تەنانەت نالی-ش؛

نالی

چونکه دەقەکە هێندە درۆزن و دوورووە سەد دەور و هەزار کـەلێنت دەخـاتە بەردەم، هەڵبـەت تا زیاتر لە نێـو دەقەکانی نالی-دا بمێنیتەوە زیاتر بۆش دەبێتەوە، بارت گـوتەنی وەک ڕووتی نێـوان دوو شـوێنی داپۆشـراو، یان وەک تڕووسکانەوەی پێسـتی ناسکی گەردن لە نێـوان سەر و سـینگدا وایە کە شـەرگەی حەزەکان و دیالێکتی مەیلەکانە و بە واتەیەکی تر ڕێژگەی هەوەسی بێ ژمارە.

دەورانییە، وەک هێڵەکی سەودا، سەری گێژم
بۆیە بە دەقیقی مەسەلە هەرچی دەبێژم

یان:

نەزمی نالی میسلی ئاو و ئاوێنە ڕەنگی نییە
دوو ڕووە بۆ سەیری خاتر: یەک خەفی و یەک ئاشکار

یان:

یا لە مەیدانی فەساحەت دا بە میسلی شەهسوار
بێ تەئەمووڵ بەو هەموو نەوعە زمانی ڕادەکا

بارت گـوتەنی دەقـەکـانی نالی بە چێـژەوە نـووسـراون، بۆیە خـوێنەری هەڵبـەت نائاسایی چێـژی لێ وەردەگـرێ، بەردەوام نالی بە شـوێن ڕاوکردنی خوێنەرەوەیە بێ ئەوەی بزانێ کێـیـەو لە کـوێیـە، زۆرجـار گلەیی لە نەبوونی ئاوا خوێنەرێکە.

کەس بە ئەلفازم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا

گـەلێ جـار دەڵێی شـێـتـە و لە گـەرووی هەزار شـێـتی دیکەوە دەنگ دەداتەوە، وەک شێت زمان و ماناو هەموو شـتێکی بـاو دەدا بەسـەر یەکداو وەک شـێـتـیش بە قـیندا دەچێ و دەتۆرێ و دەڵێ خـۆت دەزانی، شـێـتـخـانەیەک لە هەواری دەقـدا دەور دەگـێـرێ کـە هەر دەبێ سـەیری بێ مانایی و لە هەمان حاڵدا پڕ مـانایی بکەی و بە ئەسپایی هەوالّی خۆشی و ناخۆشی و سـاغی و شکاوی و ئەم پەڕ و ئەوپەڕی لێ بپرسێ، زمانی نالی فریودەرە هەزار ڕەنگ دەگۆڕێ و هەزار شایەتمانت پێ دێنێ، تاوێ گـێژت دەکا و تاوێ سەرخۆش، تاوێ گریان قـڵپ دەکا و تاوێ بزە لێت لێوڕێژە لە لایەک چێژت پێ دەبەخشێ لە لایەک مەستی، بازی و گـەمـەی زمـانی و مـانایی دەقی دەقـە و دەقـێـتی دەق چڕتر دەکا و ئەدەبییات دەخوڵقێنێ.

سەرمایەیی سەودا کە دەڵێن زوڵفی دوو تایە
هەر پێچشی تایێکی سەد ئاشوبی تیایە
بیدە بە دڵم شیفتە بۆ شیفتە چاکە
بیخە ملم ئەو قەیدە بە دیوانە ڕەوایە

یان:

لۆمەیی نالی دیوانە مەکەن ئەی عوقەلا
ئەمە موددێکە زەدەی لەقمەیی دەستی پەرییە

یان:

وەک تووڕەیی پێچیدەیی تۆ ساغ و شکەستەم
وەک نەرگسی نادیدەیی تۆ خۆش و نەخۆشم
سەرخۆشی شەرابی دەمی تۆ بووم و ئەمیستاش
قوربان سەری تۆ خۆش کە نەماوە سەری خۆشم

بارت بەئاوا دەقێک کە فـرە ڕەهەند و فـرە مـانا بێ، دەڵێ دەقی کـراوە، هەروەک بە تاک ڕەهەند و تاک مـانا دەڵێ دەقی داخـراو؛ بارت بەو دەقـانەی وەک دەقی نالی خوێنەر بخاتە گێژاوی زمانی نائاسایی و مانای شێواو و دەڵێ تێکستی writerly، یان دەقی نووسەرانە کە چەند مـــانا هەڵدەگـــرێ، یان بە واتایەکی دی خـــوێنەر لە نووسینیدا دەستی هەیە و داهێنان قەت لەو جۆرە دەقانە ناتۆرێ و تا دێ خـوێنەری ئاگـا بەری خـۆی لێ بەرهەم دێنێ، هەروەها بە دەقی بەرانبەری دەڵێ readerly، یان دەقی خوێنەرانە ئەویان لە لایەن خوێنەرەوە دەنووسرێتەوە و ئەوی تر دەخوێنرێتەوەو هیـچی تر، بارت لە کـتێبی S/Z دا بە دەقی فـــرە مـــانا دەڵێ The plural text کـــە نیشاندەری گرینگ بوونی ئەو جۆرە دەقانەیە لای بارت، لای میخائیل باختین-یش بە دەقی تاک ئاوایی Mono phonic و بە دەقی چەند دەنگی polyphonic دەوترێ، بێ گومان شیـعرەکانی نالی-ش چەند دەنگین و هەراو؛ قەت زوو خۆیان بە دەستەوە نادەن و بۆچرووک لە زەینی خـوێنەر هەڵدەسـتـێنن، هەمـوو جـۆرە تەمـەننایەک و سەودایەک لە دەقی نالی دا دێتە گوێ و هەموو سـەیر و سـەفـایەک لە مـەنزەرەی شـیـعری نالی دا دێتـە بەرچاو، دالێک کـە سـەر بە هەزار مـاڵی مـەدلوولەوە دەنێ، بێ

گومان له پانتایی ئاوا دەقێکدایە، خوێنەری داهێنەر لە دایک دەبێ و ئەویش جارێکی تر مانای تایبەت بە خۆی بەرهەم دێنێ، دوور لە تەوەزەلیدان و نانی داکراو ناخواو بە دەستی هەستی چەتوونی بژێوی خۆی ئامادە دەکا و خۆ مالێیتر لە خاوەن مالّ خەریک دەبێ و ئەزموونەکان تاقی دەکاتەوە.

سەری هەر مووی بەدەنم تەرزە تەمەنناییێکە
گەردشی تووکی سەرم دووکەڵی سەودایێکە
وەرە سەر سەیری سەفاگاهی نەزەرگەی چاوم
کە عەجەب مەنزەرەیی سەیر و تەماشاییێکە

دەکرێ زۆر جار لە دەقێکدا دەنگێک بەرزتر بێ، چ دەنگی نووسەر، یان خوێنەر، بەڵام ئەوەی گرینگە، فرە دەنگی دەقەکەیە کە وابوو بە پێی پێوانەکانی خوێندنەوەی سەردەم، دەقی نالی دەچێتە خانەی فرە دەنگییەوە کە خوێنەر هەر دەنگی خۆیەتی، دەنگ دەداتەوە و زۆر جار دەنگی خوێنەر بەرزتریش دەنوێنێ، هەرخوێندنەوەیەک لە پانتایی دەقی نالی دا وەک قەترە لە دەریادا و وەک فرمێسک لە چاودا وایە.

دڵ موزمەحیلی دەردە وەکو دیدە لە ئەدا
حەیران و پەرێشانە وەکو قەترە لە یەمدا

بارت لە کتێبی چێژی دەقدا (لذت متن) لە دوو جۆرە دەق دەدوێ، دەقێک چێژ دەداتە خوێنەر، یانی لەگەڵ فەرهەنگ و کولتووری خوێنەر دا یەک دەگرێتەوە و چاوەڕوانییەکانی ئەو دابین دەکات، دەقێکی دیش نامۆیە و دژی بۆچوون و حەزەکانی خوێنەرە و تەنگژەی زمان و مانای لا دروست دەکا، هەروەها بارت لە کتێبی S/Zدا جیاوازییەکی ئەوتۆ دەخاتە نێوان دەقی خوێنەرانە و دەقی نووسەرانە؛ دەقی خوێنەرانە بەوە پێناسە دەکا کە دەیەوێ خوێنەرێ ڕام ڕاو بکا کە توانایی بالّ بژێوی نەبێ و هەرچی ئەم ئێژێ، بێ ئەم لا و لا وەری بگرێ و نقەی نەیە، بۆ وێنە وەک دەقی قانع و فایەق بێکەس و سەلام و زۆرێکی تر، بەڵام دەقی نووسەرانە بەو دەقە دەزانێ کە ڕێز لە هەستی خوێنەرەکەی دەگرێ و زۆرێ لە جەمسەرەکانی لێ حەشار دەدا؛ بە واتایەکی تر خۆشارکێیەکی ترسناکی لەگەڵدا دەکا، لەم جۆرە دەقانەدا هیچ چەقێ نابینرێ، بێژگە فرە دەنگی و فرە مانایی نەبێ، دەقە شیعرییەکانی نالی بە پێی ئەم پێوەرانە دەقێکن دەچنە خانەی دەقی نووسەرانەوە کە زمانی باو و فەرهەنگی سواو و زەینی چەقبەستووی خوێنەر تێک دەدەن و جۆرێکی تر دەدوێن و بە شێوازێکی تر خۆ دەنوێنن، نالی زوو خۆی بە دەستەوە نادا و لە نزمی و نەزۆکیش تەوەللا و تەبەڕایە، خواردن و قووتی ئەو داهاتی بەرزەفڕی و ئەستەم بڕییە و نایەوێ وەک کۆترەکانی حەرەم دانی داو و نانی باو بخوا و ڕام و دەستەمۆ بێ، یان دەکرێ بێژین بۆ نالی حەرەمێ نییە و حەریم و کۆزێ نابینێ خۆی تێدا حەشار بدا؛ نالی ئەو شاعیرەیە بەستەکان دەسڕێتەوە و سەربەستانە ئاسمانێک بۆ خۆی دەکاتە بالّی هەڵفڕینی و بازانە سەر لە کاکە شانی سەر بەرزی دەدا و ئازایانە دەستەمۆیی ڕام دەکا.

لێم حەرامە دانەو و ئاوی حەماماتی حەرەم
من کە بازی دیدە بازم نەک شەوارەی دەستەمۆم

یان:

ئەلا ئەی نەفسی بوم ئاسا هەتا کەی حیرسی وێرانە
لەگەڵ ئەم عەشقبازانە بڕۆ بازانە ئازانە

نالی بەردەوام ئاشنایی سڕینەوە دەکات لە هەموو بەشەکاندا لە کولتوور و مەعریفەی سەردەم و زمان و هەروەها مانادا، بە هیچ جۆرێ خۆی بە نۆرمی باو و چەقبەستوو نابەستێتەوە، بەرزە فڕترە لەوەی وەک بوم حیرسی وێرانە بخوا و نەرمونیان؛ لەسەر گەندەڵە دارێ هەڵنیشێ و بژێوی کەلاکە تۆپیوی لای دێ بێ، نالی بازانە هەتا سینگی ئاسمان بەرز دەبێتەوە و لەوێ ڕا بەو چاوە تیژانەیەوە شتانێکی نهێنی دەدۆزێتەوە و نێچیرێکی سرک و سڵ ڕاو دەکا کە بۆ کەم کەس ڕام دەبێ و خۆی بە دەستەوە دەدا، بۆ وێنە چۆن لە شیعری کچدا هەنجاری باو دەشکێنێ و ڕاشکاوانە بەرەنگاری نەریتی باو دەبێ و پارێزگاری لە کچ و جوانییەکانی دەکا و لە بەرانبەر کورِدا بەرزی دەکاتەوە ئاماژە بەوە دەکا کە هەر چی جوانییە لە کچدایە و بەبێ کچ و ڕووناکی و پرشنگی کچ، کورِ تنۆک و تاریکە، یان بە واتایەکی تر کورِ بە بێ کچ مانای نییەو لە ژێر تیشکی کچدایە کورِ مانا پەیدا دەکا.

عیشقت کە مەجازی بێ خاهیش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەزرا کچ

فەرقی کورِ و کچ ڕۆشن وەک فەرقی مەهـ و میهرە
ئەم فەرقی شەو و ڕۆژە وەک فەرقە لە کورِ تا کچ

هەڵبەت ئەم شیعرە مایەیەکی دەروونناسانە و کۆمەڵناسانەی تێدایە کە لەم وتارەدا ناتوانین لێی بدوێین، یان لە شیعری مەستوورەدا چەند بوێرانە و بێ باک لە خەڵقی؛ جەزی حەزی دەکا بە بایا و خەرمانی هەستی لە کۆتەڵ و کا و کۆت جیا دەکاتەوەو ئاشکرا بە پێوانەی بیری خۆی خەرمانی هەست و مەیلی هەڵدەگرێ.

نالی کە ویقاری نییە بێ باکە لە خەڵقی
سۆفی کە سلووکێکی هەیە عوجب و ڕیایە

دەتوانین بە ڕاشکاوی بێژین شیعری مەستوورە هەڵوێستێکی ڕادیکاڵانەیە لە بەرانبەر هەموو حەز کوژی

و ئاوات کرۆژی ڕیابازانەی گرووپێک و ڕوالەت پەرستی بێ بەری لە بەر و سێبەری جوانی.

مەستوورە کە حەسناو و ئەدیبە بە حیسابێ
هاتە خەوم ئەمشەو بە چ نازێک و عیتابێ
هاتووم وتی عوقدەم هەیە قەت مومکینە وابێ
هی تۆم ئەگەر ئەم مەسئەلە حەل کەی بە جەوابێ
هەر مەسئەلە بیکرێ کە بە تۆ شەرحی کرابێ
مومکین نییە کەس دەخڵی بکا چین و خەتا بێ

زۆر بەرزو شازە ڕوانینی نالی، بێ گومان ئەم جۆرە ڕوانینانە دەرفەتێکی بەربڵاو و فراوان دەکاتەوە لە بەردەم خوێنەرداو زەینێکی ڕەها و ئازاد و بێ سنووری لێ دەکەوێتەوە.

پێم دەڵێن مەحبووبە خێل و قیچە مەیلی شەڕ دەکا
خێل و قیچە یا تەرازووی نازی نەختی سەر دەکا
خێل و قیچە یا بە غەمزە بۆ نیشانەی دڵ بە چاو
مەیلی ڕاست هاوێتنی موژگانی دڵ پەیکەر دەکا

جارێکی تر خوێندنەوەی زاڵ دەداتە بەر پلار و بە وتەی سپێهری، چاوەکان دەشوا و جۆرێکی تر دەڕوانێ، یان بەواتایەکی تر وەک ڕۆلان بارت گوتەنی بۆشاییەکان بۆشتر دەکاتەوەو لە نێوان کولتوور و دژە کولتووردا لە نێوان مەعریفەی زاڵ و ئەوی تردا دەرەتانی تر دەخولقێنێ، بیری جوانیناسی لە تەنگژە ڕزگار دەکا و قوواڵتر و بەرینتر ڕاڤەی دەکا، نالی ئەو شۆڕشگێڕەیە ناڕووخێنێ، بەاڵم بەردەوام تازە دەکاتەوە و هیچ کات لە تازەگەری و نوێ کردنەوە دەست هەڵناگرێ، هەروەک لە سەرەتاوە گوتمان نالی شێتانە دەنووسێ، ڕەوانێ ئاڵۆز کە هەموو شتێک ئاڵۆز و ناڕوون دەدا بە دەستەوە، دەڵێی کایە دەکا، بەاڵم وەک شەڕ دەڵێی شێتە و سەر دەوەشێنێ، بەاڵم بە بزەو بەزەییەوە؛ دەڵێی ئاو دەدا بە چاوتەوە، بەاڵم خوێ لە چاوت ڕۆ دەکا هیچی لە هیچ و کەس ناچێ، ئیبهام و ئیهام دوو خاڵی سەرەکی بەر چاو و نەبڕاوەی دەقەکانی (نالی)ن کە بوونەتە هۆی مانەوەی و وەک شەرابی کۆن مەستییەکی خەست دەدەن بە خوێنەر و هەزار ڕازی سەر بە مۆریان لە خۆدا حەشار داوە.

بارت گوتەنی پڕ مەترسییە و فریودەر، بەاڵم نازفرۆش.

نالی حەریفی کەس نییە ئیلف و ئەلیفی کەس نییە
بەیتی ڕەدیفی کەس نییە هەرزە نویسە گەپ دەکا

بارت گوتەنی دروشمی هەر نووسەرێ ئەمەیە:

نە شێتم و نە فەرزانە ئاڵۆزم و شێواو

دەقی شیعری نالی دوو دەمی هەیە، دەمێکی ئاسایی و ڕام، دەمێکی تووش و چەتوون و لە هەمان کاتدا خاڵی و هەراو و بزێو، لەو نێوانەدا بۆشاییەکی قووڵ و سەرسوڕهێنەر خۆ دەنوێنێ کە بە کەس پڕ نابێتەوە و بەردەوام چێژ دەبەخشێ و گەلێ جار سەرخۆشیت لە هۆشدا پێ دەبەخشێ.

حەرەکاتم سەکەنات و سەکەناتم حەرەکات
چوستە سستی، قەوییە زیعف و سەریعە کەسەلم

لە دەقی نالی دا هەتا دێی پێ بگری، هەڵدەخلیسکێی هەتا دێی مان بگری، ژان دەگری هەتا دێی مانا بدۆزیتەوە، خۆت گوم دەکەی نەک ڕەهەندێ بە سەر سەد ڕەهەندا تێ دەپەڕی.

دەسرۆکەیی هەوریی چ عیجابێکە کە تێیدا
(شمس فلک الحسن انارت فتوارت)
هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو
حەددی چییە نالی کە بڵێ ماچە کەفارەت

نالی تەنانەت زمانیش دەشکێنێ و ئەوەندەی تر مۆرکی نائاسایی بوون دەنێ بە تەوێڵی دەقە شیعرییەکانییەوە، هەم لە زمانی ئاسایی ئاخاوتن جیای دەکاتەوە و هەم ڕێزمانیش (سێنتاکس) دەشێوێنێ.

خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بە مۆر
مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە

یان:

لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا سفیدەی باغی سێوان

بۆ شکاندنی ڕێزمان بڕوانە:

بۆچی نەگریم سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی
بۆ مەی نەڕژێ شووشە لە سەد لاوە شکاوە
ئەو گەوهەرە نوکتە کە لە نالی دەدزن خەڵق
ئاویی نییە وەک ئاگری بێ شەوقی دزانە

لە باری مانایییەوە زۆر و بێ بڕانەوە:

دەستم کە بە سەد وەعدە لە سەد جێگە شکاوە
جەبری نییە ئەم کەسرە هەتا نەیخەیە ئەستۆ

یان:

دڵ شیشەیی پڕ خوێنی فیراقی فەرەقی بوو
مەکسوری ڕقی بەو دڵی وەک بەردی ڕەقی بوو

بەڕاست نالی جیلوە دەری حوسن و جلەوکێشی تەماشایە و ڕەنگاڵەی شیعرەکانی بەهەشتێکی چڕ و پڕی لە جوانی و هونەر خولقاندووە، بە وتەی خۆی هێندە دەقیقە پەتک و دەعوا ناگەنە بناری هەودا و بۆ هەمیشە لە ڕێی حەسرەتدا دەمێننەوە.

شیعری خەڵکی کەی دەگاتە شیعری من بۆ ناسکی
کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا

ژێدەر:

*** لذت متن، ڕۆلان بارت، مترجم پیام یزدان جو.**
*** دیوانی نالی.**